
ROONEY
10
MALONE
13

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەیاندنی هاوکاری بە ئاوارەکانی شنگال



قۆناغێکی دیکەی ئەنفالی کوردان و ئەمجارەیان لە سەر دەستی تیرۆریستانی داعش دژ بە کوردانی ئێزیدی لە هەرێمی کوردستان هەموو جیهانی هەژاند. هاوکات شانبەشانی حکومەتی هەرێم، کەسایەیی سەربەخۆ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان و شارو شارۆچکە کوردنشینەکانی وڵاتانی دەوروبەر لەهەمبەر گەیاندنی هاوکاری بۆ ئاوارەو لێقەوماوانی شنگال دەسەوستان نەبوون و تا ئێستاش بە ڕەوانەکردنی کۆمەك و هاوکاری جۆراوجۆر لە ئاپۆرەی فریاکەوتنەکان بەردەوامن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەش ئەو هاریکارییانە بەرز دەنرخێنن.

### ئاپۆرەی فریاکەوتنەکان بەردەوامە

لە ئەنجامی پەلامارەکانی هێزە چەکدار و تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە(داعش) و دوابەدوای داگیرکردنی مووسڵ و هێرشکردنە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، کوردانی ئێزیدی لە شنگال کرانە ئامانج و ئەو کارەساتە مرۆییەی لێکەوتەوە کە تا هەنووکەش سەرەڕای هەوڵەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەربازکردنیان لە دەستی تیرۆریستان، کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنیان بەردەوامە. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی نزیك بە هەشت مانگە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە گیرۆدەی قەیرانێکی دژواری ئابووری و بودجەبڕ کراوە، هاوکات داڵدەدانی پتر لە یەك ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی شەڕەکانی سووریا و ناوخۆی عێراق و شەڕی دژی تیرۆریستانی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی و داگیرکەری مووسڵ (داعش) بارگرانییەکی زۆری بۆ حکومەتی هەرێم دروست کردووە، کە ئەگەر پلانی ژیرانە و بەپەلەی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم و پشتیوانی نێودەوڵەتی نەبووایە، ئەوا بارتەقای کارەساتە مرۆیی و ئابوورییەکەش گەلێك زێتر دەبوو. بەڵام شانبەشانی حکومەتی هەرێم، کەسایەتیی سەربەخۆ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان و شارو شارۆچکە کوردنشینەکانی وڵاتانی دەوروبەر و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەهەمبەر گەیاندنی هاوکاری بۆ ئاوارە و لێقەوماوانی شنگال دەسەوستان نەبوون و تا ئێستاش بە کۆکردنەوە و رەوانەکردنی هاریکاری جۆراوجۆر لە ئاپۆرەی فریاکەوتنەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە.

**میللەتی کورد میللەتێکی ئاشتیخوازن و نموونەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەن و تیرۆریستانی داعش ناتوانن ئەو پێناسە مێژووییەی کورد تێکبدەن**

### کورد سیمبولی پێکەوەژیان و تەبایی و ئاشتەواییە

هەر لەو بارەیەوە ئاڵا کەمال عەلی سەرۆکی رێکخراوی کار بۆ تواناسازی کرێکار و دەستی کار لەهەرێمی کوردستان و ئەندامی دەستەی ئامادەکاریی کەمپینی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوارەکان، لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ئەوەی خستەڕوو کە هەڵمەتی کوکردنەوەی کۆمەك بۆ ئاوارەکانی ئەم جەنگەی کە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە بەردەوامەو ئێستا لە شاری سلێمانی چەندین کەمپینی جیاواز دروستبوون بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاری بۆ ئاوارەکان و لە چەندین شوێنی جیاجیادا ئەم کەمپینە بەردەوامە، وتیشی: «بێگومان لەم میکانیزمەی کەگرتوومانەتە بەر (ژووری هاوکاریکردن و کۆمەکی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئاوارەکان) دروستکراوەو کەمپینەکەش لەبەردەم نووسینگەی پەرلەمانی کوردستانە لە شاری سلێمانی، نووسینگەی پەرلەمانیش هاوکارمانن بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکان و ئەندامیشن لە کەمپینەکەدا، لە کاتژمێر (٩ی بەیانی هەتا ١٢ی شەو) ئێمە پێشوازی لە خەڵك دەکەین».

ئاڵا کەمال لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «میللەتی کورد میللەتێکی ئاشتیخوازن و نموونەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەن و تیرۆریستانی داعش ناتوانن ئەو پێناسە مێژووییەی کورد تێکبدەن».

هەر سەبارەت بە کەمپینەکەیان، ئاڵا باسی ئەوەی کرد کە ئەوان توانیویانە بەدرێژایی چوار رۆژ لەو



کەمپینە بەردەوام بن و وتیشی: «ئەگەری زۆری هەیە کەمپینەکە درێژ بکرێتەوە». وەك باسیکرد لەو بوارەدا بە هاوکاریی ژمارەیەك رۆشنبیر و کەسانی خێرخواز و چالاکی کۆمەڵی مەدەنی لە سلێمانی، لە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوارەکان بەردەوام دەبن. گوتیشی: «یەکێك لە ئەرکە هەرە گرنگەکانمان ئەوەیە کە بتوانین لەگەڵ هەموو رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کۆنتاکت دروست بکەین بۆ کۆمەککردن و گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بەجیهان و جارێکی دیکەش بیسەلمێنین کە کورد میللەتێکە سیمبولی پێکەوەژیان و تەبایی و ئاشتەواییە. هەموو رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆیان دەرکەوتووە کە کوردستان وڵاتی پێکەوەژیانە و میوانداریکردنی ئەو هەموو ئاوارەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد ببێتە یەکێك لەو میللەتانەی کە هەموو جیهان شانازی پێوە بکات».

**تا ئاسایی بوونەوەی رەوشەکە لەکار و چالاکییەکانمان بەردەوام دەبین**

لەلای خۆیەوە هێمن فەرید وەك ئەندامی ژووری هاوکاری مرۆیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «ژووری هاوکاری مرۆیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە یەکەم رۆژیدا پرێس کۆنفرانسێکی بەست لەسەر هاوکاری و کۆمەککردنی ئاوارەکان، دیارە لەئێستادا هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو دۆخ و فشارە ناهەموارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق پێیادا تێدەپەڕێت، سەدان هەزار ئاوارەی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان و ئێزیدی و شەبەك و مەسیحی و تورکمان و ئاوارەکانی تری لەخۆ گرتووە، بۆیە داواکارین لە رێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، دەستی کۆمەك و هاوکاری لەچوارچێوەی بەخشینی خۆراك و پێداویستییە سەرەتاییەکان پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی منداڵان، ئافرەتان و کەمئەندامان و نەخۆشەکانی ئاوارەکان رزگار بکەین لە مردن، نیازمان بە پێداویستییەکانی وەك: (ئاوی خواردنەوە، خۆراکی قوتوبەند، شیر و مەمەی منداڵ و دایبی، پێداویستی تایبەتی ژنان و خواردمەنی وەك کێك، سەموون، نان و پسکیت) هەیە».

هێمن ئەوەشی خستەروو کە ژووری هاوکاری مرۆیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتووە لە

**وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و ئەو لیژنەیەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ هاوکاری ئاوارەکان دانراوە پێویستە لە رۆتینیی هاوکارییەکان دوور بکەونەوە**



**دەبێت هاوکارییەکان زۆر بەدڵنیاییەوە بگاتە دەست ئاوارەکان و سیستەمی هاوکارییەکان بگۆڕدرێت و قەبارەی هاوکارییەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی جیاواز بێت**

چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ و رۆشنبیران و هونەرمەندان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە ئامانجی پاڵپشتی و گەیاندنی کۆمەکی مرۆیی بۆ ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، گوتیشی: «تاوەکو رەوشەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت، لەکار و چالاکییەکانمان بەردەوام دەبین».

**منداڵانی ئاوارە بە قەیرانێکی دەروونی زۆر خراپدا تێدەپەڕن**

سەرۆکی رێکخراوی ئەستێرەی منداڵان(سەیران سەلاح)، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە دوای ئەو بارودۆخە ناخۆشەی کە بەسەر رۆژئاوای کوردستان و خوارووی عێراق و ناوچەکانی مووسڵ و نەینەوا و دواجاریش بەسەر کوردانی ئێزیدی لە(شنگال) دا هات، کە کارەساتێکی مرۆیی گەورە بوو، لەدەرەنجامدا چەندین کەمپین بۆ هاوکاری مرۆیی ئاوارەکان دامەزرا، گوتیشی: «ئێمەش توانیمان لەگەڵ چەند رێکخراوێك بۆ ئەو مەبەستە کاربکەین، ئێستا لە بەرنامەماندایە کە بەپێی توانا هاوکاریان بین و بەتایبەت پێداویستییە پزیشکییەکانیان بۆ دابین بکەین، چەندین سەردانی مەیدانیمان ئەنجامداوە و لەنزیکەوە لە رەوشی منداڵان ئاگادار بووین، بەداخەوە ئەو منداڵانە بە قەیرانێکی دەروونی زۆر خراپدا تێدەپەڕن، وەکو چارەسەری سەرەتایی هەوڵمانداوە چەندین خولی رۆشنبیری و هونەری بۆ ئەو منداڵانە بکەینەوە، لەوانە خولی وێنەکێشان و مۆسیقا و شانۆ بۆ ئەوەی لانیکەم لەو کەشە دەروونییە خراپە دەریان بهێنین، کار و پڕۆژەی زۆرمان لەبەرنامەدا هەیە، بەڵام وەکو دەزانن بۆ بە ئاکام گەیشتنی کاتی زیاترمان پێویستە، هەوڵی ئەوەشمانداوە لەسەردانە مەیدانییەکانماندا بەپێی ویست و داخوازی و پێویستی لەجۆری کەلوپەلەکان بۆ ئاوارەکان دابەش بکەین، نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بێت».

**پێویستە هاوکارییەکان بەدڵنیاییەوە بگاتە دەست ئاوارەکان**

هێمن باجەلان ئەندامی (کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی عێراقی )یەو وك باسیکرد، ئەو کۆمسیۆنە وەك چاودێرێك لەسەر کار و خزمەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشتی سەبارەت بە پێشکەشکردنی هاوکارییەکان بە ئاوارەکان رۆڵ دەبینن.













هێمن سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانی خۆی بۆ ئەو دۆخە کارەساتبارە کە چەکدارانی گرووپی تیرۆریستی داعش دژی کورد لە هەرێمی کوردستان خولقاندوویانە، ئاماژە بەوە دەکات کە «حەجم و قەبارەی کارەساتەکە مرۆییەکە زۆر گەورەیە و ئاوارەیەکی زۆر روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، گوتیشی: «رووداني ئەو کارەساتە لەخەیاڵی کەسدا نەبوو، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە بکات، هاوکاریکردنی ئەو رێژە زۆرەی خەڵکیش بەم کتوپڕییە لەتوانای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشدا نییە، بۆیە لەلایەن خۆمەوە سوپاس و پێزانینم ئاراستەی حکومەتی هەرێم و ئەو رێکخراوانە دەکەم کە دەستی هاوکارییان بۆ ئاوارەکان راکێشاوە، ئەگەرچی بڕی هاوکارییەکەش کەم بێت، لە راستیدا کارەساتەکە هی ئەوە نییە رێکخراوێك دەرەقەتی بێت، نە حکومەتی عێراق و نە حکومەتی هەرێم و نە وەکالەتی یوئێن، بە پەلە ناتوانن هەموو کێشەکە چارەسەر بکەن، چونکە ئاوارەکان کە دێن، تەنیا بەجلوبەرگی بەریانەوە دێن، جگە لەوەش ژمارەی ئاوارەکان زۆرن، ژمارەیان ملیۆنێك و پەنجا هەزار کەسن و کۆمەککردنیان لەماوەیەکی کورتدا ئاسان نییە».

هێمن باجەلان ئەوەشی دووپات کردەوە کە هاتنی بە لێشاوی ئەو هەموو ئاوارەیە بۆ هەرێم کێشەی زۆری دروستکردووە و گوتی: «ئەو ژمارە زۆرە بە بێ پلان و بەرنامە روو لە هەر شوێنێك بکات، کارەسات دەخوڵقێنێت، لەو بوارەشدا کاری رێکخراوەکان جێگەی دەستخۆشییە، جا چ نێودەوڵەتی بن، چ ناوخۆیی بن، ئەوان کاری بەرچاویان کردووە. هەرچەندە بەدەنگەوەهاتنەکەیان لەئاستی تمووحی ئێمەدا نەبوو، بەڵام ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە پاساوی خۆیانیان هەیە، لەسەرووی هەموویانەوە هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکانە».

وەك رێکاری چارەسەریش پێشنیاری کرد «وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و ئەو لیژنەیەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ هاوکاری ئاوارەکان دانراوە، پێویستە لە رۆتینیی هاوکارییەکان دوور بکەونەوە، بۆ ئەوەی هاوکارییەکان زۆر بەدڵنیاییەوە بگاتە دەست ئاوارەکان و سیستەمی هاوکارییەکان بگۆڕدرێت و قەبارەی هاوکارییەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی جیاواز بێت، هەروەها پێویستە هاوکارییەکان زیاتر ماددی بن، چونکە پێویستییەکانی خێزانە ئاوارەکان جیاوازن، هاوکات زۆری نەماوە وەرزی خوێندن دەستپێبکات، ئەوەش گرفتی گەورە بۆ حکومەتی هەرێم دروست دەکات، پێویستە حکومەتی ئیتحادی شانبەشانی هاوکارییە مرۆییەکان مشوری ئەو لایەنەش بخوات».

**پەلامار و هێرشەکانی گرووپی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) بۆ سەر عێراق و داگیرکردنی مووسڵ و بادانەوەی پەلامارەکانی بەرەو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، بارودۆخێکی نەخوازراوی هێنایە ئاراوە و دوای کارەساتی مرۆیی شنگال لەسەر دەستی داعشییەکان، قۆناغێکی دیکەی کۆکوژی و ئەنفالی کوردان دەستی پێکرد، کە تا هەنووکەش بەردەوامە و جگە لە کوشتاری بە کۆمەڵیان، بە هەزاران ئافرەت و منداڵی ئێزیدی رفێندراون و گیانیان لە مەترسیدایە. ئەو تاوانە بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ناوچەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەژمار دەکرێت و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کاردانەوەی بەرفراوانی هەبووە. دوابەدوای ئەوە خەڵکی سڤیل بە دروشمی «ئێمەش پێشمەرگەین» خۆبەخشانە دەستیان دایە چەك و شانبەشانی پێشمەرگە توانییان دوژمن بشکێنن. لەو بوارەشدا ئافرەتی کورد پشکی شێری بەرکەوتووە و جگە لەوەی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لە شەڕی دژی تیرۆریسمی داعش دەربڕیوە، بەردەوام هاندەر و پشتیوانی باوك و هاوسەر و برای پێشمەرگەی خۆیان بوون، بۆ ئەوەی چۆك بە دوژمنانی چاوچنۆك دابدەن، کە چاویان لە خاك و گیانی کوردانە. بەشدار بووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**



# ئافرەتی کورد قەڵای بەرگری و هاندەر و پشتیوانی پێشمەرگەن

«هەرچەندە دووری هاوسەرەکەم و غیابی لەناو خێزاندا ئەوەندە ناخۆشە کە وەسف ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو چرکەساتێك دڵم لەناو مشتمدایە و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی یەکجارەکی هاوسەرەکەم و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە دەکەم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دڵخۆشم بەوەی کە هاوسەری پیاوێکی مەرد و وڵاتپارێزم».

ئەوە قسەی (میدیا بەکر) بوو. ئەو هاوسەری پێشمەرگەیەکی کوردستان پارێزە و باسی ئەوە دەکات کە چوونی هاوسەرەکەی بۆ بەرەکانی شەڕی دژی داعش، ئەرکی سەرشانی لەماڵەوە دوو بەرامبەر کردووە، گوتیشی: «زۆرجار منداڵەکانم لەشەو و نیوەشەو داوای باوکیان دەکەن، یان لەکاتی نەخۆشکەوتنیان خۆم بردوومنەتە نەخۆشخانە و نەمهێشتووە بێباوکییان پێوە دیار بێت، ئەوانە و دەیان گرفتی تر رووی تێکردووم، بەڵام لای

هاوسەرەکەم نەمدرکاندووە و هەمیشە پێی دەڵێم: تا کوردستان پێویستی بە هیممەتی تۆ بێت، ئێمە پێویستیمان بە تۆ نییە، تەنیا خۆشەویستی و سەلامەتیت نەبێت».

ژیان تاژدین ئاغا، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتان لەم دۆخە هەستیارەدا کە کورد تووشی شەڕێکی نەخوازراو بووە، دەڵێت: «پێوستە سەرجەم ئافرەتان هانی پێشمەرگە بدەن بۆ بەرگریکردن لەکوردستان و وەك ئافرەتێکیش داوا لە دایکان و خوشکان دەکەم، ئەو ئافرەتانەی کە باوك و برا و هاوسەریان پێشمەرگەیە، بە وردەیەکی بەرز و دڵێکی فراوانەوە هانیان بدەن بۆ ئەوەی بەرگری لە کوردستان بکەن. وەك دەزانرێت ئەمڕۆ کوردستان ڕووبەڕووی گەورەترین گرفتی دەرەکی و تووشی هێرشی تیرۆریستان بووە، بەم هۆیەشەوە ئەرکێکی پیرۆز کەوتۆتە سەرشانی دایك و هاوسەر و خوشکی پێشمەرگە کە بە هەموو جۆرێك بەشداری لە شەڕی دوژمندا بکەن و ئیرادەی پۆڵایینی پێشمەرگە بەهێزتر بکەن».

ژیان باسیی ئەوەشی کرد کە «ئەرکی ئافرەتی کورد هەمیشە لە شۆڕشەکاندا گرینگ بووە و ئافرەتان پێشەنگی خەبات بوون لە گرنگیدان بەپێشمەرگە و پێشخستنی خەباتی کوردایەتی، بێگومان ئێستاش ئەرکێکی زۆر گرنگ کەوتۆتە سەرشانی ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان پێشمەرگەیە، چونکە دەبێت زۆر بە ئاگادارییەوە و بە شێوەیەکی وەها ڕەفتار بکەن، کە جێی باوکیش بۆ منداڵەکانیان پڕ بکەنەوە. واتە هەم دایك بن و هەم باوکیش، بۆ ئەوەی نەهێڵن منداڵەکان هیچ کەموکورییەکیان هەبێت، بۆ ئەوەی باوکەکانیان کە پێشمەرگەن و لە شەڕگەکاندا بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەن، بزانن کە کوردستان پێویستی بەوانە و منداڵەکانیان هیچ کێشەیەکیان نییە و هەست بەوە نەکەن کە منداڵەکەیان کەموکوڕییان هەیە، هەروەها دایك و خوشکی پێشمەرگەیەك کە پەیوەندی بە کوڕ و برایانەوە دەکەن، پێویستە وردیان بەرزبکەنەوە، دەبێت بزانن ئەوە پێشمەرگەیە کە میللەتێك لە ئاوارەبوون و نەهامەتی دەپارێزێت و هەموو کوردستان چاوەڕوانی غیرەت و هیممەتی ئەوانە بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان لەمەش زیاتر ئافرەتان دەتوانن جگە لەوەی ببنە پاڵپشت بۆ کەسوکاریان لە بەرەکانی جەنگ، خۆشیان لە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان شانبەشانی پێشمەرگە بەشداری بکەن و نەهێڵن وڵاتەکەمان بکەوێتە دەستی تیرۆریستان و ئەوەش ئەرکی هەموو هاووڵاتییەکە بە هەر دوو ڕەگەزەوە کە ببنە بەرگریکارێك و گەل و وڵاتی خۆیان بپارێزن» .

لەلای خۆیەوە دەروونناس و پسپۆڕی دەروونی سامان سیوەیلی، ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان شیکردەوە کە بە درێژایی مێژوو لە شۆڕشەکانی گەلی کورد و سەرجەم ڕاپەرین و جووڵانەوە سیاسییەکان لەمێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا ئافرەتان پێشەنگی تێکۆشان بوون و ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگیان هەبووە. گوتیشی: «ئافرەتی کورد ئەگەر خوشك، دایك، یان هاوسەری پێشمەرگە بوویێت، ڕۆڵێکی بەرچاوی بووە لە هاوکاریکردنی پێشمەرگەدا، جا ئەگەر ئەو ڕۆڵە مەعنەوی بێت، یان مادی، یان ڕۆحی بێت، واتە هەمیشە ئافرەتانی کورد ڕۆڵ و پێگەیان لە شۆڕشەکانی گەلی کوردا بە ئاشکرا دیار بووە، دەتوانین بڵێین بەرگری پێشمەرگەیەك لە سەنگەری خەباتدا هەمیشە پەیوەست بووە بە ماندووبوون و تێکۆشانی هاوسەرەکەی، یان خوشکەکەی، یان دایکی ئەو پێشمەرگەیە» .

ئەو دەروونناسە ڕایوایە: «دایکان و خوشکان و هاوسەرانی پێشمەرگە دەتوانن هانیان بدەن بۆ ئەوەی زیاتر بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن و لەو ئەرکە نیشتمانییەی سەرشانیان چوست وچالاکتر بن، هەر بۆیە ئەگەر دایکێك بیەوێت وورەی کوڕەکەی بەرز بکاتەوە، دەبێت ئەو قەناعەتە لەلای کوڕەکەی دروست بکات کە هەموو کورد چاوی لەوە بۆ بەرگریکردن لەکوردستان».

سیوەیلی جەختی لەوە کردەوە کە «سەربەخۆی کوردستان و پاراستنی ئەم ئەزموونە تەنیا بە باسك و بازووی بەهێزی پێشمەرگە دێتەدی، لەبەر ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردە بەر هەر دوو ڕەگەزە کە بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان هانیان بدەن».

### ئافرەتان بەهاندانی پێشمەرگە بوونەتە قەڵغانێك بۆ بەرگریکردن

پێشمەرگەی خۆبەخش ڕەجەب حاجی ڕەجەب، بە حیماسەتەوە باسی ئەوەی کرد کە «پێشمەرگە ڕەمزی بەرخودان و ناسنامەی کوردە کە ساڵەهای ساڵە میللەتی کورد شانازی پێوە دەکات، گوتیشی: «پێناسەی پێشمەرگە جەنگاوەری و فیداکارییە لە پێناوی وڵاتپارێزیدا، بۆیە سەرۆکی وڵاتەکەشمان بە شانازییەوە خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت».

ڕەجەب ئەوەشی خستەڕوو کە «لەکاتی شۆڕشە مەزنەکانی گەلی کورد کە لە چیاکاندا شەڕ دەبوو، خێزان و ماڵ و منداڵمان دوور بوون لەهەر کارەساتێکی نەخوازراو، بەڵام ئەمڕۆ داعش بەنیازە لەناو ماڵ و موڵکماندا دەستی بە خوێنی هەموو خێزانێکی کورد سوور بکات، بۆیە لەم هەلومەرجەدا ئافرەتی کورد زۆر شێرانەتر هەڵسوکەوت دەکات، جگە لە هاندانی پێشمەرگە بۆ بەرگری، خۆیشی ئامادەیە چەك لە شان بکات».

ڕەجەب حاجی لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «من هاوسەرەکەم بە شێرە ژن دادەنێم، چونکە لەو کاتەی کە ئێمە حەرەکەمان کرد بۆ بەرگری وڵات لە دژی داعش، بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە وەعد و بەڵێنی دا، کە ئەگەر پێویست بێت، ئەویش بێتە بەرەکانی جەنگ و شانبەشانی من و برا پێشمەرگەکان چەك هەڵگرێت. ئەو دەیگوت: ئەوە بۆ منی ئافرەتی کورد شەرەفە کە بتوانم نازناوی پێشمەرگە هەڵبگرم، بۆ منیش مایەی شانازییە کە هاوسەرەکەم ئەو هەڵوێستە کوردانەیەی هەیە و لەهەمان کاتیشدا ئەو گڕ و تینی زیاترم پێ دەبەخشێت، لێرەوە هیوادارم کە هەموو ژن و کچانی گەلەکەمان شێرەژن و خوراگر بن، ئەگەر وا بن، ئێمەی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی بەرگری زووتر سەردەکەوین».

**«پێناسەی پێشمەرگە فیداکارییە لە پێناوی وڵاتپارێزیدا، بۆیە سەرۆکی وڵاتەکەشمان بە شانازییەوە خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت»**

**«سەرەڕای ئەوەی هەموو چرکەساتێک دڵم لەناو مشتمدایە و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی یەکجارەکی هاوسەرەکەم و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە دەکەم، بەڵام دڵخۆشم بەوەی کە هاوسەری پیاوێکی مەرد و وڵاتپارێزم»**

**«داوا لە دایکان و خوشکان دەکەم، ئەو ئافرەتانەی کە باوک و برا و هاوسەریان پێشمەرگەیە، بە وەرەیەکی بەرز و دڵێکی فراوانەوە هانیان بدەن بۆ ئەوەی بەرگری لە کوردستان بکەن»**